# حوكمی سەرفیترە

# (صَدَقَةُ الفِطر)

# و

# جـــەژن

ئامادەکردنی: محمد العبیدلی

وەرگێڕانی: حەمزە بەرزنجی

لە ڕێ ی خوای گەورەدا دەبەخشرێتەوەو نافرۆشرێت

پێشکەشە:

* بە موسڵمانان بە گشتی....

* ئەوانەی لەم مانگە پیرۆزەدا مەردانە نەفسی خۆیان گرتەوە لە ئارەزووەکانیان..

* ئەوانەی بە جوانی و ڕێزو حورمەتەوە پێشوازیو ماڵئاوایی یان لە مانگی پڕ بەرەکەتی ڕەمەزان کرد.

* بەوانەی دەیانەوێت بە شێوەیەکی شەرعی سەرفیترەی ئەم مانگە بدەن و بیکەنە کەفارەتی نوقسانیەکانی ڕۆژووەکەیان.

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمدلله نحمده ونستعينه و نستغفره, ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا, من يهده الله فلا مضل له, ومن يضلل فلا هادي له, وأشهد ان لا اله الا الله وحده لا شريك له, وأشهد انَّ محمداً عبده وسوله.....أما بعد:

ئەم پەیامە کە تایبەتە بە (سەرفیترەو جەژن و حوکمەکانیان) لە نێوان چەند کتێبێکدا کۆمکردۆتەوە هەتا خوای گەورە بیکاتە مایەی سوود بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت لە بەندەکانی, وە خستوومەتە نێوەندی ئاوها نامیلکەیەکی بچوکەوەو هەوڵم داوە کورت و پوخت بێت تا موسڵمانان سوودی لێ وەربگرن و سووربن لەسەر گوێڕایەڵی خوای گەورەو شوێنکەوتنی ئەوەی کە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) هاتووە. چونکە هەموو خێرو چاکەیەك لە شوێنکەوتنی قورئان و سوننەتدایە بە پێی تێگەیشتنی پێشینی ئەم ئوممەتە رەحمەتی خوایان لێ بێت.

وآخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين

نووسەر: محمد العبيدلي –الشارقة

## سەرفیترە( زكاة الفطر )

(الزكاة): لە زمانەوانیدا بریتییە لە گەشەكردن و زیاد بوون, هەروەها بە مەبەستی پاك بوونەوە دێت. هەروەك چۆن ئەو كەسەی كە دەیدات پاكی دەكاتەوە لە گوناه و پاداشتەكەی گەشە پێ دەكات. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قد أفلح من زكاها﴾ واتە: سەرفرازبوو ئەو كەسەی نەفسی خۆی پاك كردبێتەوە لە پیسییەكان.

(الفطر): وەرگیراوە لە فیترەتەوە كە بنچینەی دروست بوونی مرۆڤە, بەلاّم لە شەرعدا مەبەست پێی ئەو خێرو سەدەقەیە كە لە بری لاشە دەبەخشرێت.

حوكمەكەی: سەرفیترە فەرزە لەسەر هەموو كەسێك گەورەو بچوك, نێرو مێ, ئازادو كۆیلە, لە موسڵمانان.

## بەڵگە لەسەر فەرزێتییەكەی:

- لە قورئاندا: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قد أفلح من تزكى﴾ چەسپاوە كە ئەم ئایەتە دەربارەی سەرفیترە دابەزیوە.

- وە لە سوننەتدا: قال عبدالله بن عمر(رضي الله عنهما): ((فرض رسول الله(ﷺ) زكاة الفطر في رمضان, صاعا من تمر أو صاعا

**من شعير على العبد والحر والذكر والأنثى والصغير والكبير من المسلمين)).** رواه البخاري 1503 ومسلم984

**واتـه: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) سـەرفیترەی لـه رەمەزانـدا فـەرز کردوه, ئەویش صاعێك (کە دەفرێکە چوار مشت دەگرێت) لە خورما , یان لـه (جۆ) کـه پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێکی بەندەو ئازادو نێرو مێو بچوك و گەورە.**

**وە هەرشتێك پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فـەرزی کردبێـت حـوکمی ئەوەی هەیـە کـە خـوای گـەورە فـەرزی کـردووەو فـەرمانی پـێ کردووە: خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿من يطع الرسول فقد أطاع الله..﴾ النسآء/80.

**حیکمەتی:**

**شێخ ابن عثیمین(رەحمەتی خـوای لێ بێت) دەفەرموێت: (وە بـەڵام حیکمەتەکەی زۆر دیارو ئاشکرایە ئەویش چاکە کردنـه لەگـەڵ هەژاراندـاو رێگرتنیانـە لـه سـواڵ کـردن لـه رۆژی جەژنـدا, تـا بەشداری دەوڵەمەندەکان بکـەن لـه دڵخۆشیو کامەرانییانداو تـا ببێتـه جـەژنی هـەمووان, هـەروەها پـاك بوونەوەیـەکی رۆژووەوانه لەو نوقسانیو قسەی پوچو تاوانانەی که لەگـەڵ رۆژووەکەیاندا هەیانبووە).**

حیكمەتی تری: دەرخستنی شوكری نیعمەتی خوای گەورەیە بە تەواو بوونی ڕۆژوو شەونوێژی مانگی ڕەمەزان و ئەنجامدانی ئەوەی توانرا لە چاكە كردن تیایدا/مجالس شهر رمضان لإبن عثيمين ص325.

عن ابن عباس (رضي الله عنهما) قال: (فرض رسول الله (ﷺ) زكاة الفطر طهرة للصائم من اللغو والرفث وطعمة للمساكين, فمن أداها قبل الصلاة فهي زكاة مقبولة, ومن أداها بعد الصلاة فهي صدقة من الصدقات). رواه ابوداود 1609 وابن ماجه1827 والحاكم409/1 وحسنه الألباني في صحيح ابي داود303/1.

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەرفیترەی فەرز كردووە كە دەبێتە مایەی پاك بوونەوەی ڕۆژووەوان لە قسەی پوچ و گوناه و هەروەها خواردنێكیشە بۆ هەژاران. جا هەركەسێك پێش نوێژی جەژن بیبەخشێت ئەوا زەكاتێكی وەرگیراوە, وە هەركەسێكیش دوای نوێژ بیبەخشێت ئەوا خێرێكە لە خێرەكان (وە بری سەرفیترە ناكەوێت).

## ئەو شتانەی كە سەرفیترەیان لێ دەدرێت

ئەاونیش لە فەرموودەكەی أبي سعیدی الخدری دا باس كراون كە دەفەرموێت: (كنا نخرج يوم الفطر في عهد النبي (ﷺ)

صاعا من طعام, وكان طعامنا: الشعير, والزبيب, والأقط, والتمر). رواه البخاري1508 واللفظ له, ومسلم985.

واتە: ئێمە لە رۆژی جەژنی رەمەزانداو لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) صاعێك خواردنمان دەردەكرد, خواردنەكەشمان بریتی بوو لە جۆ و مێووژو كەشك و خورما.

سەرفیترە لە خواردنی مرۆڤە لە خواردن و خۆراكی ئەو شارەی تیایدا دەژی. وە دروستە لە برنج و گەنمەشامیو ئاردو غەیری ئەمانە لەو شتانەی كە دەخورێت بدرێت. بەم شێوە زۆربەی ئەهلی عیلم فەرمویانە.

## حوكمی سەرفیترە دەركردن بە پارە

دروست نییە ....چونكە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) نەهاتووە, لەگەڵ ئەوەدا كە لەو كاتەدا پارە هەبووەو خەڵك پێویستی پێی هەبووە. وە هیچ یەكێك لە هاوەڵان (رەزای خوایان لێ بێت) ئەمەی نەفەرمووە لە كاتێكدا ئەوان شارەزاترین كەس بوون بە سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ). وە سەرفیترەش لە یەك ڕەگەزی دیاری كراوەو دروست نییە لە غەیری ئەو ڕەگەزە دیاری كراوە دەربكرێت, چونكە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (( من أحدث في أمرنا ما ليس منه فهو رد)). متفق عليه.

واتـه: هەركەسـێك لـەم دینەمانـدا تازەگەریـيـەك دابهێنێـت كـه تیایدا نەبێت ئەوا ڕەت دەكرێتەوەو وەرناگیرێت.

## ئەندازەی سەرفیترە

بریتیـیـه لـه یـەك (صـاع) بـه صـاعی پێغەمبـەر(ﷺ), چـونكه صـاعی كـارپێكراو بریتیـیــه لــه صـاعی خــەڵكی مەدینــه, پێغەمبـەر(ﷺ) دەفـەرموێت: ((الـوزن وزن أهـل مكـة, والمكيـال مكيال أهل المدينة)). أنظر سلسلة الأحاديث الصحيحة(165).

واتــه: كێـشانەی كـارپێكراو كێـشانی خـەڵكی مەككەیـەو, پێوانەش بریتییە لە پێوانی خەڵكی مەدینە.

یـان بــه ئەنـدازەی ئـەو. ابـن عثـیمین(ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) دەفـەرموێت: ( بـه كێـشانه ئەنـدازەو سـەنگی دەكاتـه:(480) مـسقاڵ, وە بــەغرام دەكاتــه: دوو كیلـۆو پێـنج یــەكی دەی كیلۆیەك). مجالس شهر رمضان ص328 أ. ه

واتە: دوو كیلۆو چارەكێك. كە ئەمەش بڵاوە لەم زەمانەماندا.

## کاتی واجب بوونی سەرفیترە

واجب دەبێت لەگەڵ ئاوابوونی خۆری کۆتا ڕۆژی ڕەمەزان.

وە دوو کات هەیە بۆ دەرکردنی:

1- کاتی فەزیلەت: ئەویش لە نێوان نوێژی بەیانی هەتا نوێژی جەژنە.

2- کاتی دروستی: ئەویش پێش جەژن بە ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ.

عن نافع قال: (كان ابن عمر يعطي عن الصغير والكبير حتى إن كان يعطي عن بني, وكان يعطيها الذين يقبلونها وكانوا يعطون قبل الفطر بيوم أو يومين). رواه البخاري في صحيحه(1511).

واتە: عبداللەی کوڕی عمر(ڕەزای خوایان لێ بێت) سەرفیترەی لە جیاتی گەورەو بچوك دەردەکرد بە جۆرێ لە جیاتی منداڵەکانی منیش دەیدا, وە دەیبەخشی بەو کەسانەی وەری دەگرن, جا پێش ڕۆژی جەژن بە ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ پێی دەبەخشین.

## کۆتا کاتی

**عن ابن عمر (رضي الله عنهما) قال: (أمرنا رسول الله(ﷺ) بزكاة الفطر أن تؤدى قبل خروج الناس الى الصلاة). صحيح سنن ابي داود للألباني (1421).**

**واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی بەخشینی سەرفیترەی پێ کردوین، ئەویش پێش ئەوەی خەڵك دەربچێت بۆ نوێژی جەژن ببەخشرێت.**

**وە ئەم فەرمودەیەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کۆتا کاتی سەرفیترە لە ڕەمەزاندا پێش دەرچوونی خەڵکیە بۆ نوێژی جەژن.**

## پیاو لە جیاتی کێ دەیبەخشێت؟

**موسڵمان لە جیاتی خۆی‌و ئەو کەسانە دەری دەکات کە بەخێویان دەکات لە بچوك و گەورەو نێرو مێو ئازادو کۆیلە.**

**عن ابن عمر(رضي الله عنهما): (أمرنا رسول الله(ﷺ) بصدقة الفطر عن الصغير والكبير والحر والعبد ممن تمونون). أخرجه الدارقطني 141/2 والبيهقي 161/4 وحسنه الشيخان: علي بن حسن وسليم الهلالي في صفة صوم النبي(ﷺ) ص105.**

واتـه: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فـەرمانی پـێ كـردوین سـەرفیترە ببەخـشین لـه بـری گـەورەو بـچوك و ئـازادو كۆیلـه لەوانـەی سەرپەرشتیان دەكەین و بەخێویان دەكەین.

هەروەها ئەچێتە ئەمەوە خزمەتكارێكی مێی موسـڵمان كە لـە نـاو ماڵدایـە, چـونكە لـەو كەسـانەیە كـە لـە نـاو مـاڵی موسڵمانەكەدایەو سەرپەرشتی دەكات...والله أعلم.

## سوننەت وایە لە یەك شوێن دا كۆبكرێتەوە

پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئـەبو هـورەیرەی راسپارد كـە پارێزگـاری زەكـاتی سـەرفیترەی رەمـەزان بكـات. وەك خـۆی دەفـەرموێت: (أخبرنـي رسـول الله(ﷺ) أن أحفـظ زكـاة رمـضان). أخرجـه البخاري396/3.

واتــە: پێغەمبـەری خــوا(ﷺ) رایـسپاردم كــە پاســەوانیو پارێزگاری سەرفیترەی كۆكراوەی رەمەزان بكەم.

پاڵپشت بـەم فەرمودەیـە سـوننەت وایـە كـە كۆبكرێتـەوە لـەلای كەسـانێك كــە جێـی متمانــە بـن لــە هەیئــەو كۆمەڵــە خێرخوازیـەكان و غـەیری ئـەمان, وە بكرێنـە وەكیـل بـە دەرهێنانی بۆ هـەژارو كـەم دەستەكان پـێش نوێـژی جـەژن بـە

رۆژێك یان دوو ڕۆژ و دوانەكەون لە دابەش كردنیو نەركردنی پێش نوێژی جەژن.

## ئەو كەسانەی شیاوی سەرفیترەن

دەدرێت بەو كۆمەڵانەی كە لە سورەتی(التوبة)دا باسكراون:
﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾.التوبة/60

واتە: خێرو زەكات دەدرێت بە : هەژاران و كەم دەستان و ئەو كەسانەی كۆی دەكەنەوەو ئەو كەسانەی دڵیان رادەگیرێ بۆ موسڵمان بونیان و لە پێناو ئازاد كردنی كۆیلەو ئەو كەسانەی قەرزارن و لە ریگای خوای گەورەو ئەو كەسانەش كە نامۆو دوور لە وولاتی خۆیانن, ئەمەش فەرزێكی خواییەو خوای گەورەش زاناو كاربەجێیە.

ڕواڵەتی گشتی ئایەتەكە سەرفیترەش دەگرێتەوە, وە هەندێك لە زانایان هەموو ئەو كۆمەڵانەیان بە شیاو داناوە جگە لە ( دڵ راگیركراوان و ئەوانەی هەڵدەستن بە كۆكردنەوەی) چونكە ئەمانە كاری ئیمام و پێشەوایە كە پێیان ببەخشێ نەك كەسی

تـر, چـونكه موسـڵمان خـۆی هەڵدەسـتێت بـە دابـەش كردنـی سەدەقەكەی خۆی بە دەستی خۆی.
شـێخ عثـیمین(رەحمـەتی خـوای لێ بێـت) دەفـەرموێت: ئەوانـەی شـیاوی سـەرفیترەن كـە پێیـان بـدرێت: هـەژارەكان و ئـەو كەسانەن كە قەرزارن و ناتوانن بیدەنەوە, دەیاندرێتێ بە پێی پێویستییان/مجالس شهر رمضان ص331.
لـەوەی رابـوورد ڕوون بویـەوە كـە ئەوانـەی سـەرفیترەیان پـێ دەشـێ هـەمان كەسـانن كـە زەكاتیـان پـێ دەشـێ, ئەمـەش رای مەزهەبی ئەبی حەنیفەیە(لـە حاشیە ابن عابدین79/2) وە مالك (القـوانین الفقهیـة ص76) وە شـافعی (المـذهب 235/1) وە ئەحمەد (المغني78/3).
بـەڵام ئـەوەی خـەڵكی خویـان پێـوە گرتـووەو بۆتـە عـادەت كـە دەیدەن بە دراوسێو خزم و نزیكان (یـان مـەلای مزگەوتـەكان-وەرگێـڕ) لـە كاتێكدا موستەحەقیش نین ئەوە دروسـت نییـە. چـونكە زەكـات مـافی خـوای گەورەیـەو خۆشەویـستی نابێـت تێیدا لێك بدرێتەوە.

## حوكمی بردنی سەرفیترەكە بۆ شارێكی تر

دروست نی‌یە سەرفیترە بگوازرێتەوە لەو شوێنەی دەركراوە واتە: (بلد المزكي) مەگەر لەو شوێنەدا كەسێك نەبێت لە هەژارو كەم دەرامەت, یان زیاد بێت لە پێویست....والله أعلم.

## چۆنێتی بەخشینی

شێخ عثیمین(رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (دروستە سەرفیترە ببەخشرێتەوە بەسەر زیاد لە یەك هەژارداو دروستیشە چەند سەرفیترەیەك بدرێت بە یەك هەژار. چونكە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەندازەی واجبەكەی دیاری كردووە, بەلاّم ئەندازەی ئەو بڕەی پێ‌ی دەدرێت دیاری نەكردووە).
مجالس شهر رمضان ص332.

<u>ئاگاداری/</u> دروست نی‌یە بۆ هیچ كەسێك كە شتی خراپ و بێ كەڵك دەبكات لە سەرفیترەدا, چونكە خوای گەورە پاكەو پاكیش نەبێت وەری ناگرێت, وە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَلاَ تَيَمَّمُواْ الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِآخِذِيهِ إِلاَّ أَن تُغْمِضُواْ فِيهِ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾ البقرة/267.

وە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە بەخشینی شتی چاك و نەهی کردووە لە بەخشینی شتی خراپ و بێ کەڵك.

## چەند پرسیارێکی گرنگ سەبارەت بە سەرفیترە*

پرسیاری یەکەم**: ئایا سەرفیترە واجبە بدرێت لە بری کۆرپەیەك کە لە سکی دایکیدایە؟

وەڵام: واجب نییە لەسەر کۆرپە کە لە سکی دایکیدا بێت مەگەر کەسەکە بە ویستی خۆی لە بری بیدات, ئەو کاتە هیچی تێدا نییە.

پرسیاری دووەم: ئایا دروستە سەرفیترە بە پارە بدرێت؟

وەڵام: دروست نییە قیمەتی خواردن بە پارەو دراو دەربکرێت, چونکە ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردووە.

پرسیاری سێیەم: ئایا دروستە سەرفیترە دوا بخرێت بە هۆی عوزرێکەوە؟

*که زانای پایه بەرز محمد صالح العثیمین(رەحمەتی خوای لێ بێت) وەڵامی داوەتەوە. لە کتێبی (مجالس شهر رمضان)ەوە وەرگیراوە بە کەمێك دەستکاری‌یەوە.

**هەستاوم بە دارشتنی پرسیارەکان تا لەگەڵ بابەتەکاندا بگونجێت.

وەڵام: ئەگەر دواخستنەکە لەبەر عوزر بێت هیچی تێدا نی‌یە, بۆ نمونە جەژن بێت و ئەم لە دەشت بێت و هیچی لەلا نەبێت کە لێی دەربکات و کەسی لەلا نەبێت بۆی بدات, یان هەواڵی جەژن بوون لە پرێکدا بێت بە جۆرێك نەتوانێت پێش نوێژ دەری بکات.

یان پشتی بە یەکێك قایم بێت کە بۆی بدات و ئەویش بیری بچێت, ئەوا ئەگەر دوای جەژنیش بیدات هیچی تێدا نی‌یە, چونکە ئەم جۆرە کەسانە عوزریان هەیە.

پرسیاری چوارەم: ئایا سەرفیترە بۆ مردوو دەدرێت؟

وەڵام: ئەگەر پێش خۆرئاوابوونی کۆتا رۆژی رەمەزان مردبێت با بە چەند دەقیقەیەکیش بێت ئەوا لەسەری واجب نابێت و

خـۆ ئەگـەر دوای خۆرئـاوابوون مردبێـت گـەر بـە چـەند دەقیقەیەکیش بێت ئەوا واجبە بۆی دەربکرێت.
وە ئەگەر کەسێك مندالّی بوو دوای خۆرئاوا بوون, با بە چەند دەقیقەیەکیش بێت ئەوا لە سەری واجب نییە بۆی بدرێت.
پرسیاری پێنجەم: ئایا دروستە کەسێك بکرێت بە وەکیل بۆ ئەوەی لە جیاتی کەسێکی تر سەرفیترە بدات؟
وەڵام: دروستە کەسێك کەسێکی تر بکات بە وەکیل تا لە کاتی شەرعی خۆیدا دەری بکات.
پرسیاری شەشەم: ئایا دروستە چەند سەرفیترەیەك بدرێت بە یەك هەژار؟
وەڵام: شێخ ابن عثیمین(رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: دروستە چەند سەرفیترەیەك بدرێت بە یەك هەژار چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) واجبەکەی دیاری کردووە بەڵام ئەندازەی ئەوەی دیاری نەکردووە چەندی بدرێتێ.
پرسیاری حەوتەم: ئایا دروستە هەژارێك سەرفیترە وەربگرێت و پاشان لە جیاتی خۆی بیدات؟
وەوڵام: دروستە بۆ کەسی هەژار ئەگەر سەرفیترەکەی لە کەسێك وەرگرت لە جیاتی خۆی یان کەسێکی خێزانەکەی

بیدات, ئەگەر کێشای یان ئەو کەسەی دای پێی هەواڵی دایە کە ئەندازەکەی تەواوەو ئەویش متمانەی پێ کرد, ئەو کاتە دروستە.

پرسیاری هەشتەم: ئایا سەرفیترە بە پارەو دراو دەدرێت؟

وەلأم: دەرکردنی نرخی خواردن بە پارە دروست نییە, چونکە ئەمە پێچەوانەی کاری هاوەڵانە(ڕەزای خوایان لێ بێت), لەبەر ئەوەی ئەوان بە صاعێك خواردن دەریان دەکرد.

پرسیاری نۆیەم: ئایا دروستە لە پۆشاك و ڕاخەرو قاپ وقاچاغ دەربکرێت؟

وەلأم: دروست نییە لە پۆشاك و ڕاخەرو قاپ و قاچاغ و کەلوپەل و غەیری ئەمانە دەربکرێت جگە لە خواردنی خەڵکی, چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە خواردندا فەرزی کردووەو ئەو شتەی ئەو دیاری کردبێت زیاد ناکرێت.

پرسیاری دەیەم: لەسەر کێ واجبە؟

وەلأم: واجب نییە جگە لەسەر ئەو کەسەی کە لە پێویستی نەفەقەی ڕۆژی جەژن و شەوەکەی لێی زیاد بێت ئەگەر لە صاعێك کەمتری نەبوو. واتە: ئەگەر زیاتری هەبوو لێی دەردەکات.

# جــەژن

پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمویـەتی: ((یـا أبـا بکـر إن لکـل قـوم عیداً, وهذا عیدنا)). متفق علیه.

واتـە: ئـەی ئـەبا بـەکر هـەموو گـەلێك جـەژنی خۆیـان هەیـە, ئەمرۆش جەژنی ئێمەیە.

ابـن عابـدین دەفـەرموێت: (جـەژن بـەم نـاوە نـاونراوە چـونکە چاکەکانی خوای گەورە رۆژانە دەگەڕێتـەوەو دووبارە دەبێتـەوە بەسـەر عەبـدەکانی دا, واتـە هـەموو جـۆرە چـاکەکانی, لەوانـە جــەژن و خــواردنی دوای خۆگرتنــەوە لــە خــواردن و سەرفیترەدان).

1- خۆجوانکرن لە جەژندا:

ابن عمر(رەزای خوای لێ بێت) : (لە دوو جەژنەکەدا چاکترین جل و بەرگی خۆی لەبەر دەکرد).

ابن قدامە لە (المغني)دا(288/2) دەفەرموێت: (ئەمەش بەڵگەیـە لەسەر ئەوەی کە خۆجوانکرن لەو کاتانەدا بڵاوبووە لە لایان).

2- خۆ شۆردن: سوننەتە غوسل بکرێت بۆ جـەژن, ابـن عمـر بـۆ رۆژی جـەژنی رەمـەزان غوسـلی دەکـرد, وە لـە عەلیـیـەوە(رەزای

**خوای لێ بێت) ئەمە ریوایەت کراوە/** رواه البيهقي وابن ابي الدنيا وصحح اسناده ابن حجر في الفتح2/439.

**3- دەرچوون بۆ نوێژگە(المصلى): عن ابي سعيد**(رضي الله عنه) **قال: (كان رسول الله(ﷺ) يخرج يوم الفطر والأضحى الى المصلى, فأول شيء يبدأ به الصلاة).** متفق عليه.

**واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزان و قوربان دەردەچوو بەرەو نوێژگە (کە لە دەرەوەی شاردایە) جا یەکەم کارێك کە ئەنجامی دەدا نوێژەکە بوو.**

**لەبەر ئەوەسوننەتە کە نوێژی دوو جەژنەکە لە نوێژگە ئەنجام بدرێت و جمهوری زانایان وایان فەرمووە/** أنظر صلاة العيدين في المصلى هي السنة للمحدث الألباني.

**وە هەرکەسێك توانای چوونی نوێژگەی نەبوو لەبەر نەخۆشی یان بەتەمەنی ئەوا لە مزگەوتدا نوێژەکە ئەنجام دەدات و (إن شاء الله) هیچی لەسەر نییە/** المغنى2/320.

**وەسوننەتیش وایە ئافرەتانیش دەرچن بۆ نوێژگەو هەندێك لە ئەهلی عیلمیش بە واجبی دادەنێن لەسەریان: عن أم عطية: (أمرنا رسول الله(ﷺ) أن نخرجهن في الفطر والأضحى....العواتق والحيض وذوات الخدور, أما الحيض**

فيعتـزلن الـصلاة).وفي لفظ: (المـصلى ويـشهدن الخـير ودعـوة المسلمين). متفق عليه.

واته: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی پێ کردین کە لە ڕۆژانی جـەژنی ڕەمـەزان و قوربانـدا کـەنیزەی ئـازادکراوو ئـافرەتی حەیزدارو ئەوانەی باڵغ بوون و دەچنە پشت بەردەوە ئامادەی بن, جا ئەوانـەیان کـە لـە حـەیزدان نوێژەکـە ناکـەن و نایەنـە نوێژگە بەڵام ئامادەی ئەو خێرو بانگەوازەی موسڵمانانە دەبن.

4- سوننەتە بە پیادەیی بچیت بۆ نوێژگە:

سـوننەتە بـە پـێ بـەرەو نوێژگـە بـچیت: عـن علـي بـن أبـي طالـب(رضـي الله عنـه) قـال: (إن مـن الـسنة أن تـأتي المـصلى ماشيا). صحيح الترمذي للألباني 164/1.

واتـە: لـە سـوننەتە کـە بـە پیـادەیی بـچیت بـەرەو نوێژگـە بـۆ ئەنجامدانی نوێژەکە.

5- تـەکبیرکردن لـە دوو جەژنەکـەدا: چەسـپاوە لـە کـرداری پێغەمبـەرەوە(ﷺ) کـە: (کان یخـرج أول یـوم الفطـر فیکبر حتـی یأتي المـصلی, وحتـی یقـضي الصلاة, فـإذا قـضیت الـصلاة قطع التکبیر). الصحیحة رقم(170).

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە سەرەتای رۆژی جەژنی رەمەزان لە ماڵ دەردەچوو تەكبیر(الله أكبر)ی دەكرد تا دەگەیشتە نوێژگەو لە نوێژەكەی دەبووەوە, جا كە لە نوێژ تەواو دەبوو ئیتر تەكبیری نەدەكرد.

وە لەم فەرموودەیەدا شەرعیەتی دەنگ هەڵبڕینی تێدایە بە رێگاوە كە دەچیت بەرەو نوێژگە.

6- جۆرەكانی تەكبیركردن: چەند جۆرێك تەكبیركردن هەیە لەوانە: *

ابن مسعود دەیفەرموو:

-(الله أكبر ألله أكبر لا اله الا الله والله أكبر الله أكبر ولله الحمد)

-(الله أكبر الله أكبر ألله اكبر كبيرا)

-(الله أكبر الله أكبر ألله أكبر ولله الحمد. ألله أكبر وأجل, ألله أكبر على ماهدانا)

7- سوننەت وایە پێش دەرچوون بۆ نوێژگە شتێك بخوات: عن أنس قال: (كان رسول الله(ﷺ) لا يغدو يوم الفطر حتى يأكل تمرات). رواه البخاري(953).

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەیانی رۆژی جەژنی رەمەزان لە ماڵ دەرنەدەچوو هەتا چەند دەنكە خورمایەكی نەخواردایە.

*أنظر الأرواء 125/3 –126 وأحكام العيدين للشيخ علي بن حسن.

8– گۆڕینی ڕێگای چوون بۆ نوێژگەو گەڕانەوە:

سوننەت وایە نوێژکەر ڕێگای چوون بۆ نوێژگەو گەڕانەوەی بگۆڕێت: عن جابر(رضي الله عنه) قال: (كان النبي(ﷺ) إذا كان يوم عيد خالف الطريق). البخاري (986).

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ڕۆژی جەژندا ڕێگای چوونی بۆ نوێژەکەی دەگۆڕی. واتە: لە ڕێگایەکەوە دەچوو وە لە ڕێگایەکی ترەوە دەگەڕایەوە.

9– هیچ نوێژێك لە پێش و پاشی نوێژی جەژنەوە ناکات:

ئەمە ئەگەر لە نوێژگە نوێژەکەی ئەنجام دەدا, بەڵام ئەگەر لە ناو مزگەوتدا بوو ئەوا لەسەرییەتی نوێژی (تحية المسجد) بکات:

عن ابن عباس قال: (إن النبي(ﷺ) صلى يوم الفطر ركعتين لم يصل قبلها ولا بعدها). رواه البخاري(989).

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان دوو ڕکاتی نوێژی جەژنی ئەنجامدا, کە نە لە پێشیو نە لە دوایەوە نوێژی تری نەکرد.

بەهەر حالْ نوێـژی جـەژن هـیچ سـوننەتی پاش و پێشی واریـد نـەبووەو لەسـەر نوێژكـەران پێویسته خۆیان بەمـەوە رابهێـنین و چاكترین رێنمویی رێنمویی پێغەمبەرە(ﷺ).

10–كاتی نوێژی جەژنی رەمەزان:

لە كاتی بـەرز بوونـەوەی خـۆرە بـە ئەنـدازەی رمێـك و جمهـوری زانایان وا دەفەرمون/ بدائع الصانع1/276.

11– نوێژی جەژن بانگ و قامەتی نییە:

عن إبن عباس وعـن جابر (رضـي الله عنهما) قالا: (لم يكـن يـؤذن يوم الفطر ولا يوم الأضحى). متفق عليه.

واتـە: لـە سـەردەمی پێغەمبـەری خـوادا(ﷺ) بـۆ ئەنجامـدانی نوێژی جەژنی رەمەزان و قوربان بانگ نەدەدرا.

(وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) كە دەگەیشتە نوێژگـە نوێـژی جـەژنی دەكـرد بـە بـێ بـانگ و قامـەت و وتنـی: (الـصلاة جامعـة). وە سوننەت وایە كە هیچ یەكێك لەمانە نەكرێت). زاد المعاد1/242.

## نوێژی جەژن:

12- حوكمەكەی: شێخی ئیسلام ابن تەیمیە(رەحمەتی خوای لێ بێت) ئەوەی تەرجیح داوە کە لەسەر هەموو یەکێك واجبە/مجموع الفتاوی23/161.

ئەمەش رای مەزهەبی ئەبوحەنیفەو ووتەیەکی شافیعیو ئەحمەدەو ئیمامی شەوکانیش وا دەفەرموێت/السیل الجرار1/315.

هەروەها ئیمامی ئەلبانیش(رەحمەتی خوای لێ بێت) ئەم رایەی هەیە/صلاة العیدین فی المصلی للألباني.

وە هەرگیز پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە جەژنێك لە جەژنەکاندا وازی لێ نەهێناوەو ئەمەش بەڵگەیە لەسەر واجبێتی. وە لە بەڵگەی واجبێتی ئەم نوێژە ئەوەیە کە ئەگەر بکەوێتە رۆژی جومعەوە ئەوا نوێژی جومعەکە دەبێت بە سوننەت وەك ئیمامی شەوکانیو غەیری ئەو فەرموویانە.

13- چۆنێتیو شێوازی نوێژی جەژن:

عن عمر(رضي الله عنه) قال: (صلاة السفر رکعتان, وصلاة الأضحی رکعتان, وصلاة الفطر رکعتان تمام غیر قصر علی لسان محمد(ﷺ)). رواه أحمد والنسائي والطحاوي في شرح الآثار, والبیهقي وصحح سنده علی بن حسن في احکام العیدین.

واتە: نوێژی سەفەر دوو رکاتە, وە نوێژی جەژنی قوربان دوو رکاتە, وە نوێژی جەژنی رەمەزان دوو رکاتە, تەواوەو کورت نەکراوەتەوە لەسەر زمانی پێغەمبەری خوا(ﷺ).

## بەم جۆرەش هەنگاوەکانی نوێژەکە جێبەجێ دەکرێت:

1- (رکاتی یەکەم): تەکبیری دابەستن دەکات و پاشان(پێش قورئان خوێندن) حەوت تەکبیری تر دەکات.

2- پاشان قورئان دەخوێنێت(الفاتحةو سورەتی تر).

3- تەکبیری چەمینەوە دەکات و دەچەمێتەوەو راست دەبێتەوە.

4- پاشان سوجدە دەبات.

5-(رکاتی دووەم): پێنج تەکبیر دەکات.

6- قورئان دەخوێنێت.

7- پاشان دەچەمێتەوەو راست دەبێتەوەو سوجدە دەبات و تەحییات دەخوێنێت و سەلام دەداتەوە.

وە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بە صەحیحی هیچ زیکرێکی دیاری کراو نەهاتووە کە لە نێوان تەکبیرەکاندا بووترێت, بەڵام لە إبن مسعودەوە(رەزای خوای لێ بێت) هاتووە کە فەرمویەتی:

(يحمدالله ويثني عليه ويصي على النبي(ﷺ) ). أنظر تمام المنة ص350. والأرواء642.

واتـه: سـوپاس و ستايـشى خـواى گـەورە دەكـات و سـەلاّوات دەدات لەسەر پێغەمبەرى خوا(ﷺ).

وە دەسـت بـەرز ناكاتـەوە لەگـەڵ تەكبيرەكانـدا جگـە لەيەكـەم تەكبيرى نوێژ دابەستن و چوون بۆ چەمينەوە.

پێغەمبـەرى خـوا(ﷺ) لـە نوێـژى جەژنـدا دواى (الفاتحـة) سورەتى(اقتربت الساعة..)و وە سـورەتى(ق)ى دەخوێنـد/ أخرجه مسلم.

ابن القيم(رەحمەتى خـواى لێ بێـت) دەفـەرموێت: هەنـدێك جـاريش لەوانەيـە سـورەتى (سـبح اسـم ربك الأعلـى)و (هـل أتـاك حـديث الغاشية)ى خوێندبێت/أخرجه مسلم.

بە هەرحالّ ڕوالّەتى نوێژى جـەژن وەك نوێـژەكانى تـرە جگـە لـە حەوت تەكبير لە ركاتى يەكـەم و پێنج تـەكبير كـردن لـە ركـاتى دووەمدا.

14–ئەگەر كەسێك نوێژى جەژنى بە جەماعەت لە دەست چوو:

هەركەسێك نوێژى جەژنى چوو بە جەماعەت لە نوێژگە ئەوا بە تەنيا دووو ركات دەكات, جا لە نوێژگە بێت يان لـە مالّـەوە, وە

لەرکاتی یەکەمدا حەوت تەکبیرو لە دووەمدا پێنج تەکبیر دەکات پێش قورئان خوێندن. ئەمە رای ئیمامی مالیکە لە (الموطأ)دا, وە ئیمامی بوخاری دەفەرموێت: (باب إذا فاته العيد يصلي ركعتين) واتە: سەرباسێك لە بارەی ئەوەوە کە ئەگەر نوێژی جەژنی چوو ئەوا دوو رکات دەکات. ئەمیش رای (عطاء)و مەزهەبی شافیعی یە.

15- ووتاری دوای نوێژ:

سوننەت وایە ووتارەکە دوای نوێژەکە بێت: ابن عباس دەفەرموێت: (شهدت العيد مع رسول(ﷺ) وأبي بكر وعمر وعثمان(رضي الله عنهم), فكلهم كانوا يصلون قبل الخطبة). متفق عليه.

واتە: ئامادەی نوێژی جەژن بووم لەگەڵ پێغەمبەری خوا(ﷺ)و ئەبو بەکرو عومەرو عوثمان(رەزای خوایان لێ بێت) هەموویان پێش ووتاردان نوێژەکەیان ئەنجام دەدا.

16- ئامادە بوون بۆ ووتارەکە:

ابن القيم(رەحمەتی خوای لێ بێت) لە (زاد المعاد)دا(488/1) دەفەرموێت: (ورخص (ﷺ) لمن شهد العيد أن يجلس للخطبة أو أن يذهب).صحيح أبي داود للألباني(1048).

واتــه: پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) ڕێـی داوەو خــەڵكی سەرپـشك كردووە كە بەشـداری جـەژن ئەبـن كـە دانیـشن بۆ ووتارەكـەو گوێ بگرن یان بڕۆن.
ئـەم ووتـارەش وەكـو ووتارەكـانی تـر وایــە, بـە سـوپاس و ستایـشی خـوای گـەورە ئەسـت پـێ ئەكرێـت, بـەڵام ووتارێـژ ووتارەكە بە تـەكبیر كـردن ئەست پێ ناكات. چونكە ئەمە لـە پێغەمبــەری خــواوە(ﷺ) نەچەسـپاوە كــە كردبێتـی, وە بــە صـەحیحی نـەهاتووە كـە ووتـاری جـەژن دوو ووتـار بێـت و بـە دانیشتنێك بەینیان تێ بخات/ أحكام العيدين لعلي بن حسن ص56.
17- كۆبوونەوەی جومعەو جەژن لەیەك ڕۆژدا:
ئەگـەر جـەژن و جومعـە لەیـەك ڕۆژدا كۆبوونـەوە ئـەوا نوێـژی جەژن فەرزێتی جومعەكە لائەبات:
{چەسـپاوە لــە صــەحیحی سـنن أبــی داودی ئـەلبانی بــە ژمـارە(1072): عـن أبـي بريـدة قـال: (عيـدان اجتمعـا في يـوم واحـد, فجمعهمـا جميعـا بجمعهمـا واحـداً وصـلى يـوم الجمعـة ركعتين بكرة صلاة الفطر, ثم لم يزد حتى صلى العصر....).
واتە: جارێكیان نوێژی جەژن و جومعـە لـە ڕۆژێكـدا كۆبوونـەوە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) كـۆی كردنـەوەو كردنـی بەیـەك نوێـژ,

ئـەویش بـەوەی سـەرەتای ڕۆژی جومعـە دوو ڕکـات نوێـژی جەژنی ئەنجامـدا, پاشـان هـیچ نوێـژێکی نـەکرد هـەتا نوێـژی عەسری کرد.

ئیمـامی شـەوکانی(ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) لـە (نیـل الأوطـار)(348/3)دا تـەعلیق لەسـەر ڕیوایەتەکـەی ابـن الـزبیر دەدات و دەفەرموێت: (ڕووکەشی فەرموودەکە وادەگەیەنێت کە نوێژی نیوەڕۆشی نەکردووە). }

عن أبي هريرة(رضي الله عنه) عـن رسـول الله(ﷺ) أنـه قـال: ((قـد اجتمع في يومكم هـذا عيـدان, فمـن شـاء أجـزأه مـن الجمعـة وإنـا مجموعون)). صحيح أبي داود للألباني رقم(948).

واتە: ئەمرۆ دوو جەژنی تێدا کۆبۆتـەوە(کـە جومعـەو جەژنـە), جا هەرکەسێك دەیـەوێت نوێـژی جەژنەکـە بـری جومعەکـەی بۆ دەکەوێت, بەڵام ئێمە خۆمان هەردوو نوێژەکە ئەنجام دەدەین.

18-شێوازی جەژنە پیرۆزە کردن:

جبير بـن نفـير دەفـەرموێت: (كـان أصـحاب رسـول الله(ﷺ) إذا التقـوا يـوم العيـد يقـول بعـضهم لـبعض: تقبـل الله منـا ومنـك). حسنه السيوطي في وصول الأماني بأصول التهاني, وأنظر تمام المنة ص355.

واته: هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێك لە ڕۆژی جەژندا دەگەیشتن بە یەك بە یەکتریان دەوت: (تقبل الله منا ومنك) واتە: خوای گەورە(عیبادەتی ئەم مانگە) لە ئێمەو تۆش وەرگرێت.

شێخی ئیسلام ابن تەیمیەش(رەحمەتی خوای لێ بێت) پاڵپشتی ئەمەی کردووەو فەرموویەتی کە هاوەڵان وایان کردووە.

لەمەوە روون دەبێتەوە کە ئەو شتەی زۆر کەس دەیڵێن: (کل عام وأنتم بخیر) سڕینەوەی ووتەی پێشینە کە دەیانفەرموو: (تقبل الله منا ومنکم), ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوەی پێشوو ووتەی ئەهلی کیتابە لە گاورو جولەکەکان/مستفاد من تسجيلات الشيخ الألباني رحمه الله.

وە بەکارهێنانی ئەو ووتەیە لەم بۆنانەدا بێ گومان دەچێتە بەر ووتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿..أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَى بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ..﴾. سورة البقرة/61

لە کۆتایی دا....

تقبل الله منا ومنکم

سبحانك اللهم وبحمدك, أشهد أن لا اله الا أنت, أستغفرك وأتوب اليك